﴿فَلَوْلَا نَفَرَ مِن كُلِّ فِرْقَةٍ مِّنْهُمْ طَائِفَةٌ لِّيَتَفَقَّهُوا فِي الدِّينِ﴾
www.chngiyani.com
ماڵپەڕی مامۆستا عومەر چنگیانی

# ئاوڕدانەوەیەکی پێویست لەهەندێك لە مەرجەکانی هاوسەرگیری

بەرایی: یەکێك لەسوننەتەکانی پەروەردگار لە نێو ژیاندا، جووتێتی دوو ڕەگەزەی نێر و مێیە، بەشێوەیەکی وەها، کە هەرسێ جیهانەی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکیش دەگرێتەوە، وەك پەروەردگارمان دەفەرموێت: (گەورەیی و بێ هاوەڵی بۆ ئەو خوایەی کە هەموو جووتەکانی دروستکردووە، لەوشتانەدا، کە زەوی وەبەرهەمی دێنێت و لەمرۆڤەکان خۆیاندا و لەوشتانەشدا کە ئەمان پێی نازانن)(1) ئەم پێك گەیشتن و ئاوێتەبوون وجووتبوونەی نێرو مێ، ئوسلوبێکە کە پەروەردگارمان هەڵی بژاردووە، بۆ زاووزێکردن و زیادبوون و بەردەوامێتیدان بە ژیان، سەرباری ئەوەش کە ڕێگەیەکی دروستیشە، بۆ تێرکردنی بەشێکی هەرەگرنگی حەزە سروشتییەکانی هەریەکێك لەئێمەی مرۆڤ، لەهەر لایەکیشدا، ئەوتوانایەی دروستکردوە، کە بتوانێ ئەو وەزیفەگەورەیەی ژیان ببات بەڕێوە، بەڵام ئەوەندەش هەیە کە خوای گەورە جیهانی مەردمی وەك دووجیهانەکەی تر دانەناوە و هەندێك یاساو ڕێسای بۆداناو ە، ئیترئەویاسایانەیش، بەشێوەیەکی وەها لەلای بڕواداران بەهەند وەرگیراوە، کە وەك یەکێك لەپەرستشەکان سەیریان دەکرێت، کە هەر لە دیتنەوەی ئەودووانەوە بۆیەکدی، پێیدا وەرە، تابە نزیك بوونەوە و مارەکردن و منداڵ بوون و ناولێنان وپەروەردەکردن و دووبارە دەستپێکردنی سووڕی ژیان لەگەڵ ئەوانیشدا و....هتد، هەرهەموویان چەندین دەقیان لەبارەوەهاتووە. کە ئەمانە کارگەلێکن، سەرجەم بڕواداران زۆر بەبابەیەخەوە سەیریان دەکەن و هەندێك ئالییەی بۆ دادەنێن کە جێگەی ئەوەیە لەسەر هەر خاڵێکی چەندین نووسین وتوێژینەوەی زانستییانەیان لەسەر بکرێت و کەسانی پسپۆڕ بەهەندیان وەربگرن و ئامۆژگاری هەمووولایەکمان بکەن لەسەر بەرەو چاکتر چوون و ئەگەر بۆچوونی هەڵەمان هەبێت لەسەریان، بۆمانی ڕاست بکەنەوە. ئەوەی لەدوای ئەم کورتە سەرەتایەوە دەمەوێ بیڵێم: سەرباری ڕوونکردنەوەی شتێك لەبارەی ئەوگرێ بەستە پیرۆزە، باسکردنە لەهەندێك ئاکار کە ئێمەی کورد وەك لاساییکردنەوە تەشقمان پێوەگرتووە و لێمان بوونەتە شتەنەگۆڕەکانی ئایین، کە هاوکات وەهایش نییە و لەئاکامیشدا، زۆرجاران سەریەشە و کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتییان لەدووایە.

## گرێبەستی هاوسەرگیری

پایەی هەرەگرنگی دروست بوونی هاوسەرێتی، (ڕازی بوونی دووتەرەفە و لێکحاڵیبوونیانە، بۆ بەستنی ئەو گرێ بەستەپیرۆزە) کە ئەمەش بەزۆری وابەستەیە بەدڵ و دەروونی هەریەك لەودوانە، کە کەس ناتوانێ ئەونهێنییە بزانێت، هەربۆیەکە شەرع بەڵگەیەکی بەمەرج گرتووە بۆ دروست بوونی ئەو

گرێبەندییە، کە دەربڕینی هەندێك عیبارەتە بۆ ئەوکەسەی، کە زمانی هەبێت و بتوانێ قسەبکات، یان ئیشارەت کردن، بۆ ئەوکەسەی کە توانای قسەکردنی نییە، جا ئیتر ئەو تەعبیرەی لەهەر لایەکەوە دەردەچێت و ئەوە دەگەیێنێت کە بەوکارە رازییە، ئەوە پێی دەگوترێت: (ئیجاب) و رازی بوون، ئەوتەعبیرەش کە لەلایەنی دووهەمەوە دەردەچێ و دەبێتە بەڵگەی ئەو رازی بوونە، پێی دەگوترێ: (قەبوول) و رازی بوون، هەر لەبەر ئەوە سەرجەم فوقەها دەڵێن: روکنەکانی هاوسەرگیرێتی پێکهێنان بریتییە، لە (ئیجاب و قەبوول). بۆ ئەوەی کە ئیجاب و قەبوولیش، وەرگیراوبێت، چەند خاڵێك بەمەرج گیراون:

مەرجەکانی(ئیجاب و قەبوول)

1/ دەبێ هەردوو لایەنەی گرێبەستەکە (زاوا و بووك)تەمییز یان هەبێت، بەمانا هیچیان شێت، یان منداڵ نەبن.

2/هەمان ئەوشوێن و مەجلیسەی، کە ئیجابەکەی تێدا دەگوترێ، دەبێ قەبوولەکەشی تێدا بگوترێت.

3/ دەبێ جۆری قسەکانیان پێك هەڵنەپژێن، مەگەر بڵێین: بۆچاکتر بێت. وەك ئەوەی وەلی ئەمری کچەکە بە زاواکە بڵێ: وا کچەکەی خۆمم لێ مارەکردی لەسەر بڕی سەد لیرەی زێڕ مارەیی، کەچی کوڕەکە لەبەرامبەردا بڵێ: رازی بووم بەمارەکردنی کیژەکەت لەخۆم لەسەربڕی دووسەد لیرەی زێڕ.

وشەکانی دامەزراندنی گرێ بەستەکە

هاوسەرگیرێتی دادەمەزرێت بەهەر وشەیەك و هەرزمانێك کە ئەو دوولایەنە لێی تێبگەن و بزانن مەبەست پێی گرێ بەستی هاوسەرێتییە، کە هەردووتەرەفەکە خۆیان ئەو وشانە بزانن بڵێن پێویستییان بەکەس نییە تەلقینیان بکاو فێریان بکات! بۆ وێنە ئەگەر باوکەکە، دوای راوێژکردن بەکیژەکەی، خۆی دەیزانی بەکوڕەکە بڵێ: فلانکەس، وا فلانی کچم لێ مارەکردی، لەسەر ئەوەندە مارەیی، ئیتر پیویست بەماندووکردنی کەس ناکات، کە لێرەدا بۆیەکە پەنا دەبرێتە بەردەم دادوەری شەرعی، بۆئەوەی ئەو گرێبەستە تەوسیق بکات، نەك بەشێك بێت لەمەرجەکان!، بەتەنیا وەلی ئەمری کیژە و شایەتەکان بەسن و ئەمەش راستییەکە لەنێو سەرجەم سەرچاوەکاندا هەن و داب و نەریتی کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی وەها هەندێك شتی سەپاندووە، کە لایەنەشەرعییەکانیش فەرامۆش بوون، ئیتر بۆمەسەلەی زمانیش کە دەبێ سیغەکە بەعەرەبی بێت، شتێکی لاوەکییە، گەرچی هەندێ لەزانایان، بەمەرجیان گرتووە، کە بەوشەی(تەزویج وئینکاح) ژن ومێردایەتی بێت، بێجگە لە ئیمامی شافیعی(رەحمەتی خوای لەسەر) کە لەیەکێ لەرایەکانیا ئەوە بەمەرج دەگرێ، کە دەبێ بەزمانی عەرەبی بێت. هاوکات هەندێ تریان دەفەرموون: (هاوسەرگیرێتی، کارێکی خێرە و لەکاری خێریشدا زمانی عەرەبی تێدا بەمەرج نەگیراوە)، وێڕای ئەمانەی کە وتمان، زانایان بەمەرجیان گرتووە کە دوو وشەی ئیجاب و قەبوول بە سیغەی رابردوو و داهاتوو بێت، وەك ئەوەی باوکە کە بڵێ: پێم دایت.

زاواش بڵێ: پێی رازیم. ئەوەشمان لەیاد نەچێ، وەك لەسەرەتاوە گوتم، ئەم گرێیبەستە پێویستی بەدوو شایەت هەیە، بۆئەوەی ببنە هۆکاری ئەوەی کە بزانرێ ئەو پێك گەیشتنە لەسەربنەمایەکی پیرۆزە نەوەك گرتنی رێگای نالەبارو ناشەرعی، کە لێرەدا چەند مەرجێك هەیە دەبێ لەودووشایەتەدا بێنەجێ.

## مەرجەکانی شایەت

زۆربەی سەرچاوەکان، باسمان لەوە بۆدەکەن کە دەبێ: هەریەك لەودووشایەتە عاقل و بالْغ بێت و لەقسەی هەردوو تەرەفەکە بگەن، بەلاّم ئەگەر شایەت، مندالْ، یان شێت، یان کەڕ، یان سەرخۆش بوو، شایەتییەکەیان بەهیچ حسێب ناکرێت، بەلاّم ئایا عەدالەتیان بەمەرج دەگیرێت یان نا؟ ئەمەجێگەی کێ بەرکێیەکی زۆرە و لەنێو ئەو خیلافەیشدا، کێشە لەسەر خودی پێناسەکە هەیە، بەمانا عەدالەت یانی چی؟ کە ئەمە لەبابەتێکی ئەوهادا چارەناکرێ، بەلاّم ئەوەی کە من زۆرگرنگە بەلامەوە، ئەوەیە کە شتێك باسی بەمەرجگرتنەکەی عەدالەتی شایەتەکان بکەم، .کە ئیمامی ئەبوحەنیفە(رەحمەتی خوای لێبێت) بەهیچ شێوەیەك ئەوە بەمەرج ناگرێت کە شایەتەکان عادل بن، بەڵکو بەلای ئەوەوە، گرێ بەندی هاوسەرێتی بە دووشایەتی فاسقیش جێبەجێ دەبێت، کە بەڕای من ئەمە زۆر لەگەڵ عەقڵدا دەگونجێت و چارەسەری زۆرێك لەکێشەی ئەم سەردەمانەمان دەکات، لەبەرامبەریشدا بەلای ئیمامی شافیعییەوە(رەحمەتی خوای لێبێت) مەرج وایە کە دەبێ هەریەك لەودووشایەتە عادل بن، کە ئێمە زۆر جار، لەسەر ئەم مەسەلەیە، لەکۆڕوکۆمەڵی ژن مارەکردندا تووشی هەندێك کێشەدەبێن، بەتایبەتی کە دەبینین ماموٚستا بەڕێزەکان، وەك لێ ڕاهاتن و لاساییکردنەوە، پێمان دەڵێن: لەبەرئەوەی ئەو عەدالەتەی ئیمام باسی لێکردووە، ئەمڕۆ بەکەمی نەبێت دەست ناکەوێت، دەبێ تەقلیدی عولەمای موتەئەخیرینی مەزهەبی ئیمامی شافیعی بکەین کە دەڵێن: (دروستە وەلی ئەمری کیژەکە و زاوا و کیژ و شایەت فاسقیش بن)کە هەروابەئاسانی ئەومۆری فیسقە دەدرێت بەسەر ئەو خەڵکەدا، گەرچی لەلایەکی ترەوە سەیری بکەین، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئاسانکارییەکی تائەندازەیەکی زۆر باش بووە و دەکرێ بڵێین بۆسەردەمانێکی زۆر سوودی گەیاندووە، بەلاّم ئایا ئەمڕۆ وەختی ئەوەنەهاتووە کە ئەو مۆری فیسق دابەشکردنە کەم بکرێتەوە و شتەکان رووبەڕووی دادگابکرێتەوەوبەس؟ کە ئێمە حکوومەتی شەرعی خۆمان هەیە و دەمانەوێت یاسا سەروەربێت و کەس لە یاسا باڵادەستتر نەبێت؟ باشە تاکەی ڕێگەبەوە بدرێت کە خێزانە کوردی داماو بەدەس فتوای هەندێ کەسەوە بناڵێنن و سەرباری ئەوهەمووەمەینەتییەی خۆمان بەسەرمانەوەیە، رەچاوی باری دەروونی و نەبوونی و نەهامەتی و برسێتی و قوڕبەسەریمان نەکرێت؟ تاکەی لەبەر وابەستەبوون بەهەندێك کتێب و فەتواوە، هیچ رەچاوێکی بنەماکانی باری کەسایەتی نەکرێت؟ ئایا ئەگەر ئێمە زانیمان سەرچاوەی دادگا و سەرچاوەی ماموٚستایانی شارەزا، یەك شتن، تاکەی هەر رێگە بەوە بدرێت

کە دەست بخرێتە ئیشی دادگاوە و  ماڵی خەڵك وێران بکرێت، بە بیانووی ئەوەی کە قازی بەقەدەر فلانی لێنازێنێت؟ یان قازی بە یاسای وەزعی حوکم دەکا نەك بە شەرع، لە کاتێکدا کە یاساکانی باری کەسی، کە لە کوردستاندا کاریان پێدەکرێت، هەرهەموویان لەسەر چاوە ئیسلامییەکانەوە وەرگیراون؟ کە دەکرێ ئەمەیان رووبەڕووی حکوومەت بکەینەوە و لەڕێگەی ئەم نووسینەوە داوای دەرکردنی یاسایەك بکەین کە تۆڵە لەوکەسە بسێندرێت کە دەست لە ئیشی قەزای شەرعی وەردەدات، ئەی بۆئەوەش بەهەند وەرنەگیرێت کە زۆربەی خانەوادەکان ئیلتیزامیان هەیە بەبنەما ئیسلامییەکان و وابەستەن بەنوێژو رۆژوو ئەرکەکانی ئیسلام، لەهەمان کاتیشدا، لەکاتی پێکهێنانی خێزاندا، پێیان بگوترێت دەبێ رازی بیت بەوەی  کە خۆت بەفاسق بزانیت؟ کە لێرەوە، داوامە لەهەرکەس کە دەتوانێت لەم مەسەلەیەدا رۆڵی ئیجابی ببینێت،  کەمتەرخەمی نەکات لەپێشکەشکردنی چارەسەر، چونکە زۆر ئاساییە ئێمە بەسەرخۆماندا بێینەوە و هەست بەوە بکەین کە وابەستەبوون بەلاساییکردنەوە کارێکی سنووردارە، وەك چۆن دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکەین کە ئەولاو و کیژە کوردەبەڕێزەی  لەم جیهانە پڕ لە کاری نابەجێیەی ئەمڕۆماندا، بەتایبەتی لەهەندەرانەوە دێن رووەدەکەنە رێگەی ئاسایی بۆ پێکهێنانی خێزان، دەبێ سوپاسی بێ پایان بکرێن و ئاسانکارییان بۆبکرێت، نەك رووبەڕووی ئەوەبکرێنەوە، کە هەندێك مەرجی زۆر قورسیان بەسەردا بسەپێنرێت، کە بەزۆری لەدوو توێی هەندێك کتێبدا جێیان دەبێتەوە وبەس،  تاوایان لێبێت بەناچاری حەیران وتەنی:  (بمدەنێ هەر دەیبەم نەیشم دەنێ هەردەیبەم) ئەمانیش بڵێن: ئێوە لێکمان مارەبکەن کردوومانە، مارەیشمان نەکەن لەیەك، هەرکردوومانە.

## کەم و زۆری مارەیی

کە دەگەڕێینەوە بۆ خزمەت دەقەکانی قورئان و فەرمووده دروستەکانی پێغەمبەر(د.خ)ئەوراستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرگیز لەشەرعدا سنوورێك دانەنراوە بۆ کەم و زۆری مارەیی، بەڵام گەلێك فەرمووده هەن باس لەکەمێتی مارەیی دەکەن، ئەویش وەك هاندان، نەك بەپێویست گێڕان، گەرچی ئەوهاندانەیش هەیە، بەڵام ئەندازەیەکی دیاری کراو فەرزناکرێت، بەتەنیا گەڕانەوەیە بۆ توانا و پێکهاتنی دوولایەنەکە، دووبارە هەرلێرەوە داوادەکەم، کە ئیتربابەسی بێت، ستەمکردن لەئافرەت و بەزۆر سنوور دانان بۆ مارەیی کە هەقێکی پیرۆزو رەوای خۆیانە و پەروەردگار پێی بەخشیون و بۆی داناون و بۆهیچ کەس نییە دەستی تێوەربدات.

## بەزۆر کچ بەشوودان

یەکێك لەوکێشەگەورانەی تر کە ئێمە زۆر جار رووبەڕووی دەبینەوە، باسکردنە لەوەی کە لەئیسلامدا کچ بەزۆر بەشوودان هەیە، کەئەمەش مەسەلەیەکە  لێکۆڵینەوەی گەورەی دەوێ بەڵام لێرەدا بەتەنیا ئەو فەرموودە دەهێنمەوە بەردەم خوێنەرە بەڕێزەکان کە باسمان لەوە بۆدەکات کە( کیژێك هاتە لای

پێغەمیبەرر(د.خ)عەرزی کرد کە باوکم منی داوە بە برازاکەی خۆی بۆئەوەی عەیبێکی خۆیم پێ بشارێتەوە، پێغەمبەریش(د.خ)کیژەکەی سەرپشك کرد ، ئەمجا کیژەکە گوتی: ئەوا رێگەم دا بەباوکم ، بەلاّم ویستم ئافرەتان بزانن کەئێمەسش خاوەنی رای خۆمان عهەین و بۆمان هەیە قسەبکەین و باوکوکانمامناتوانن رای خۆیانمان بەسەردا بسەپێنن)(2)

پەراوێزەکان:

(1)بەشێك لەمانای ئایەتی، 36و37سورەتی یاسین.

(2) بنوارە کتێبی سەنەنی ئیبنوماجە، فەرموودەی ژمارە(1874و1875)

تیَبیني:

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوود کراوە لە کتێبی (فقه السنة)ی سەید سابیق.

خەباتی ژمارە(1971) شەممە 12\1\2005لاپەڕە4